وەزارەتی ناوخۆ
ئیدارەی گەرمیان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە : ٧٠٣
ڕێکەوت : ٦ / ٣/ ٢٠٢٢

بانگهێشتی گشتی

**کەمکردنەوەی نهێنی/ژمارە(GP.49- 2022) تەندەری پرۆژەی**

**(دروستکردنی ئاوەڕۆ بۆ بەشێک لەگەڕەکی سیروان و قیرتاوکردن بەشێکی لەگەڕەکی سیروان / ناحیەی پێباز)**

**بۆ جاری دووەم**

**کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی کراوە**

ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەر و کۆمپانیاکان دەکەینەوە کە تەندەر ی پرۆژەی ناوبراوی سەرەوە هەیە , کە ئامادەکراوە لە لایەن ( ب.گشتی شارەوانی گەرمیان ) , لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان/ئیدارەی گەرمیان بۆ ساڵی (٢٠٢٢) جێبەجێ دەکرێت, هەرکەس ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە با سەردانی ب.ژمێریاری لە دیوانی ئیدارەکەمان بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر .
ماوەی جێ بەجێکردنی پرۆژەکە (٢٥٠) دوو سەد و پەنجا ڕۆژی تقویمی یە.

• ئەم کەمکردنەوە گشتی یە بەپێی ڕێنمایی جێ بەجێکردنی گرێبەستە حکومی یەکان ژمارە( ٢ ) ساڵی (٢٠١٦) جێ بەجێ دەکرێت کە کراوەیە بۆ هەموو پێشکەش کارانی تەندەر .
• وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی (چوار شەممە ٦ / ٣ /٢٠٢٤)وە دەست پێ دەکات تا ڕۆژی (چوار شەممە ٢٠ / ٣ / ٢٠٢٤) کاتژمێر ( ٩ )ی سەر لە بەیانی تا ( ١١:٠٠ ) ی پێش نیوەڕۆ لە ئیدارەی گەرمیان بەرامبەر بە ( ١٠٠,٠٠٠ ) سەد هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریيە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کەم کردنەوەکەی بۆ دەردەچێت .
• دوا کاتی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی (یەک شەممە ٢٤ / ٣ / ٢٠٢٤) کاتژمێر (١١:٠٠ )ی پێش نیوەڕۆ یە و ڕۆژی ئاشکرا کردنی تەندەر لە هەمان ڕۆژ کاتژمێر (١٥:١١)ی پێش نیوەڕۆ یە و لە کاتی پشووی فەرمی دا دوا دەخرێت بۆ ڕۆژی دواتر.
• ئەکرێت پێش کڕینی تەندەر خوازیار بۆ بەشداری کردن سەیری بەڵگەنامەکانی تەندەر بکات.
• بەشداربوان بۆ هەر پرسیار و ڕوونکردنەوەیەك لەسەر تەندەری پرۆژەکە دەتوانن سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان بکەن .
• مەرجەکان:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کەبەشداری دەکەن پلەی پۆڵێنکردنیان ( ٢ تا ٨) بێت وە پێناسی وەزارەتی پلان دانان و یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان یان عێراقیان (ئەوانەی کە تۆمارن لە هەرێمی کوردستان ) هەبێت.
٢- بەڵێنامەی نووسراوی لە ئەستۆگر ( التعهد الخطي الضامن ) بەپێی وێنەی هاوپێچ لە بەڵگەنامەکانی تەندەر دا هەیە پێویستە لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر پڕ کرابێتەوە لەلایەن پێشکەش کاری تەندەر وە مۆر وواژۆی لەسەر بێت و پەسەند کرابێت لەلایەن فەرمانگەی داد نووس یان ب.کاروباری یاسا لە دیوانی ئیدارەی گەرمیان.
٣- ماوەی کار پێ کردنی تەندەرەکان ( مدة نفاذ العطاءات ) (٩٠) نەوەد ڕۆژە لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەوە دەست پێ دەکات .
٤- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان یان هەبێت کە هیچ کەم و کورتی یەکی یاساییان نیە .
٥- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن ئەستۆپاکی باجی دەرامەتی ساڵی (٢٠٢٤) یان هەبێت .
٦- فەرمانگەی گرێبەستکردن بۆی هەیە پرۆسەی تەندەرین پێش نووسراوی سپاردن بۆ بەرژەوەندی گشتی بە هۆکاری پێویست هەڵبووەشێنێتەوە .

٧- دەسەڵاتی گرێبەست پابەند نی یە بە قبوڵ کردنی کەمترین نرخی تەندەر.

**جــلال نــــوری عبدالقــادر**

**سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان/بەوەکالەت**

**/ ١١ / ٢٠٢٢**